شاشەیکی گەورە بۆ گواستنەوەی یاری هەولێر لەبەردەم قەڵا جێگیر دەکرێت



بەڕێوەبەرایەتی پارێزگای هەولێر شاشەیکی گەورە لە بەردەم قەڵا جێگیر دەکات بۆ هاندانی یانەی هەولێر لە کۆتایی یاری جامی عێراق بەرامبەر بە یانەی قوە جەوی.

لە ڕاگەیندراوەکی پارێزگای هەولێر هاتووە، "لە پێناو هاندانی زیاتری یانە خۆشەویستەکەی شارەکەمان و بۆ بینینی هاستەوخۆی یاری کۆتایی جامی پاڵەوانێتی عێراق لە نێوان (هەولێر و قوە جەوی) کاتژمێر 00:8ی شەو لە باغی شار و بەردەم قاوەخانەی مەچکۆ، شاشەیکی گەورە بۆ گواستنەوەی یاریەکە دانراوە و هەموومان لێرە دەبین بۆ هاندانی یانەی هەولێری دایک و یانە خۆشەویستەکەی شارەکەمان".